# گرفتی لێك چوونی ناو ,
# روونکردنەوەیەك لە سەر ئەو قەڵەمانەی
# بۆ بەعسیان نووسیووە !

جەلال بەرزنجی
کەنەدا
31-8-2006

لە ژمارە 286 رۆژنامەی هاولاتی ئازیزدا برای نووسەر نەبەز گۆران لە لیستی سێیەمی ئەم ناوانەی بۆ بەعسیان نووسیووە ناوی (سیدجەلال بەرزنجی)یەکی نووسیووە هەرچەندە من لە سەرەتای حەفتاکانەوە کە وامان هەست دەکرد دەبێ نووسەر نازناوی هەبێت بەرزنجیم پێوە نووساوە , بە ناوی (جەلال بەرزنجی) نەك (سید جەلال بەرزنجی) شیعردەنووسم پێنج دیوانی شیعریم بەو ناوە بلاو کردۆتەوە, کاتی خۆی لە هەشتاکان لە ژمارە دووی هاودەنگ ,کەکۆمەڵە نووسەرێکی نوێخوازی هەولێر دەرمان دەکرد, روونکردنەوەیەکم لە سەر نزیکی ناوی من لەو ناوە بلاو کردەوە کەتیایدا هاتبوو(سیدجەلال بەرزنجی) یەك, یان( سید جەلال سید حسن بەرزنجی)ناو ێك شیعر بلاو دەکاتەوەو دەخوێنتەوە من نیم) چونکە ئەم نووسەرەی ناوی لە لیستەکەهاتووە بە ناوی (سید جەلال سید حسن ) یش شیعری بلاو دەکردەوە, لە بۆنەکانیشدا دەیخوێندەوە هەرچەندە ئەوکات بلاوکردنەوەی ئەم روون کردنەوەیە مەترسی هەبوو بۆ سەر ژیانم, بەراستی هەرواش بوو چونکە خۆشبەختانە سیدجەلال بەرزنجیش لە رۆژنامەی هاوکاری زۆر بەتوندی وەلامی دامەوەو گووتی( منیش جەلال بەرزنجی) نیم , ئەم روون کردنەوەیە گرفتی شەخسی زۆری بۆ نامەوەو وا لێکدرایەوە,گوایە من بە هیچ شێوەیەك قبوولم نیە نەك خۆم بەڵکو ناوێکیش بە ناوی من بچێ و بۆ بەعس بنووسێ , کە لەراستیشدا هەر وابوو , هێندەی نەما بوو سەریشم تیا بچێت ,جگە لە هەڵوێستە جیاوازیەکەمان, ئەو کات ئەو زۆر لەمن بە تەمەن تر بوو شیعری بە کێش وسەرای دەینووسی من بە شێوازی نوێ دەنووسم , لێك جیا کردنەوەی ناوی من و شێوازی شیعر نووسینی من بۆ و نووسەران خوێنەرانی ئەم کات

و زۆربەی خوێنەران ونووسەرانی ئیستاش روونە بەڵام چونکە ئەم مەسەلانە زۆرحەساسن و ئێستا نەوەی تر پەیدا بووین و رەنگە زۆر ئاگاداری شتەکان و جیاوازی ناوەکانی ئەوکات و ئێستا نەبن بۆیە حەزم کرد ئەم روون کردنەوەیە جارێکی تریش بڵاو بکەمەوە.ئەم لەقەبی بەرزنجییە لە دوای روخانی سەدامیش لە تاراوگەکەم, لە دیوی زەریای ئەتلەسی نارحەتی دەروونیم بۆ درووست دەکات, گرفتەکە ئەوەیە ناوی باوکیشم (محەمەدە)لەبەر ئەوی ئەوندە خەڵکی ناومحەمەد لەکاری تیرۆرستی بەشدار بوون لێرە لە(کەنەدا) پیاو هەست بە ئیحراجی دەکات کاتێ دەڵێ ناووی باوکم محەمەدە جا بۆیە بۆمن بەرزنجی لە کوردستان ومحەمەد لە کەنەدا بوون بە هۆی هەندێك نارحەتی. .

کەنەدا 13-8-2006